# قەلەقیی یەکەم دێڕ

بێرنارد کیرینی

**لە فرەنسییەوە: فازڵ مەحموود**



١٤ی تشرینی یەکەم ٢٠٢١ چیرۆك

«ئەگەر بریاربێت ڕستەیەک دوا ڕستە بێت، ئەوا ڕستەیەکی تریش پێویستە بۆ ئەوەی ئەوە وەک دوا ڕستە ڕابگەیەنێت، هەر بۆیە دواڕستە، نابێتە دواڕستە»

ژان فرانسوا لیۆتار

دێڕی یەکەم: ئەمەیە دوژمن. ئەمە ئەو شتە بوو کە گۆلد لەو ڕۆژەی بڕیاری دا کتێب بنووسێت، بە درێژایی چەند ساڵ بیری لێکردبووەوە. بەرانبەر بە کاغەزە سپییەکەی چەند کاتژمێری لە گەڕان بە دوای ڕستەیەکی ئایدیاڵدا تێپەڕاندبوو. بێوچان نووکی پێنووسەکەی لە ڕووپەڕی کاغەزەکەی کوتابوو و دەست و مەچەکی بۆ کێشانی بازنەی یەکەم پیت، شل کردبوو. هەموو جارێک بەم یەقینە ئازارهێنەوە دەستی هەڵگرتبوو کە ڕێگایەکی باشتر بۆ دەستپێکردنی دەقەکە بوونی هەبووە. هەموو ئەو شتانەی دەینووسی، دێڕە یەکەمە خراپەکەی هەموو کتێبەکەی بۆ ناشیرین دەکرد.
دەبوو یەکەم دێڕ ببووایەتە زنارێک، بەردێکی گرانیت، کە هەموو ئاسایشێکی لەسەر بنیات بنرایە، ئەو دەبوو کاری لەسەر ئەم دێڕە بکردایە تا دەگەیشتە کەماڵ. زۆربەی خوێنەرانی داهاتووی دەبوو بە دێڕی یەکەم دەستیان پێبکردایە، دێڕی یەکەم بە جۆرێک هاوشێوەی دەستێک بوو، کە لە کاتی یەکەم ژوواندا بۆ تەوقە درێژی دەکەن. ئەگەر نینۆنەکانتان پیس بێت و پەنجەیبەرانبەرەکەتان لە کاتی ڕاوەشاندنێکی تونددا چەشنی چۆلەکەیەکی مردوو بشێلێت، ئەوا ئێوە نەتانتوانیووە ڕیسکی ئەوە بکەن تا کاریگەرییەکی بەرچاو دروست بکەن. ئەویش بۆ وشە یەکەمەکانی کتێب بەم شێوەیە بوو. گولد بە درێژایی ڕۆژ دوای ئەم وشانە کەوتبوو و تەنگی پێ هەڵچنیبوون، وەک ئەوەی ئەم وشانە ئاژەڵێکی فێڵباز و تەڵەکەباز بووبێتن، هاوکات لەگەڵ هەستێکی نیگەرانکەری بەرپرسیارێتیی بەرانبەر بەو وشانە لە دەستەویەخەبوونێکی بێبەزەییانەدا.
بێگومان ئەم قەلەقیی دەستپێکردنە بوو ئەوی بەرەو داهێنانی وتە یان گێڕانەوەیەک دەبرد لەودیو نووسینەکەی. هێنانی وتەیەک جۆرێک لە فێڵ بوو لەسەر دێڕی یەکەم، کە زیاتر لە نووسەرێکی بەناوبانگەوە وەردەگیرا. گۆلد دژ بەم شێوازە بوو، چونکە ئەم شتە بۆ ئەو جۆرێک لە ترسنۆکی بوو. بە بڕوای ئەو دەستی هەر کەسێک بەوە ڕاگەیشتبوو لە شاکارێک ڕستەیەک دەربهێنێت کە بلیمەتێک لە تێکستەکەیدا بە شێوەیەکی نارەوا دەستەودامانی ئەم ڕستەیە دەبێت، ئەم شێوازی هەڵاتنە لە بەرپرسیاریەتی و خۆشاردنەوە لە پشتەوەی مرۆڤێکی مەزندا بۆ ئەو قبوڵکراو نەبوو. ئەمە باشتر نەبوو لە دزینی هێمایەک لەسەر بۆندی ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز بۆ لێدان و خستنەسەری ئۆتۆمبێلە داشقەکەی خۆی. هەر بۆیە گۆلد، کە لەو کەسانە نەبوو بەدوای ڕێگای ئاساندا بگەڕێت، لەقەیەکی لە هەڵبژاردەی هێنانی وتەیەک هەڵدابوو و دەستی کردبوو بە گەڕان بەدوای یەکەم ڕستەی ئایدیاڵدا. بیری لە فلۆبێر کردبووەوە کە دەربارەی ڕۆمانەکەی ***بۆڤار و پێکوشەدا*** وتبووی: «هەموو پاشنیوەڕوانێک لە ئازار و ئەشکەنجە« زیاتر

هیچی نەدۆزیوەتەوە. نووسەرە مەزنەکان چۆن توانیویانە ئەم ئەزموونە تێپەڕێنن؟ گۆڵد بڕیاری دابوو بیر لە دەستپێکی ئەو ڕۆمانانە بکاتەوە کە حەزی لێی بوو، بە هیوای ئەوەی لە نزیک ئەم مامۆستا فێرکارەوە بتوانێت شتێک بۆ یارمەتیدانی لە تێپەڕین لە هەڵدێرانی بچنێتەوە.
بێگومان دوو ڕستەی زۆر بەناوبانگی ئەدەبی میللیی ئەمانەن: «ئەمڕۆ، دایکم مرد»[١] و «بۆ ماوەیەکی زۆر، زوو دەچوومە سەر جێ بۆ خەوتن»[٢]. گولد زۆر جار هەرکام لەم ڕستانەی بە دەنگی بەرز دووبارە کردبووەوە. ئەم ڕستانە بە هیچ شوێنێکی نەدەگەیاند، بەڵام دەبێت دانی پێدا بنێین کە سادەیی ئەم ڕستانە دەربڕی بلیمەتییەکی ڕاستەقینە بوو.
هەرکە کەمێک لە نزیکەوە سەیری ئەو ڕستانە بکرێت، بە خۆمان دەڵێین ئەم ڕستانە وا دێنە پێش چاو بە تەواوەتیی بۆ نەخشاندنی ئەم شاکارانە داڕێژراون. بەم شێوەیە کە زمانی فەڕەنسی هەر لە سەرەتاکانەوە بە شێوەیەک داڕێژراوە یارمەتیی تێکەڵکردنی ئەم وشە باشانە دەدات، تێکەڵکردنێک کە دەبێتە ئەرکی ئەو خەڵکەی لە ڕێگەیەوە هاوشێوەی کامۆ و پرۆست کەشف بکەن. گولد بیری لەوە کردبووەوە ڕەنگە لەنێو هەوای دەورووبەردا، جۆرێک لە ڕەوەی ڕستە یەکەمە باشەکان بوونیان هەبووبێت، کە تەنیا نووسەرە مەزنەکان توانیویانە ببینن و بیخەنە داوەوە. وەک نووسەرێکی مەزن بەپێی ئەو پێناسەیەی بۆی دەکرێت، نووسینی کتێبی مەزن، کتێبە مەزنەکان بەردەوام ڕستەکانی سەرەتایان شاز و نایابن.
گولد ئەو کتێبانەی وا حەزی لێ بوون لە کتێبخانەکەی دەرهێنا، ئەویش تەنیا بۆ خوێندنەوەی وشەکانی سەرەتایان. بێ ئەوەی تووشی سەرسووڕمان بێت، تێگەیشتبوو ژمارەیەکی زۆری ئەو نووسەرە بلیمەتانە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ دەستپێکدا نەخەنە نارەحەتییەوە، یەک داهێنانی ستراتیژیی لێزانانەیان هەبووە.
– هەندێکیان پەنایان بۆ هێنانی وتەیەک یان دەستەواژەیەک بردبووە. گولد، ئەم شتەی بینی، ئەم شتە بۆ پرۆسەکەی ئەو دڵخواز نەبوو، بەڵام وتبووی ئەم بەکارهێنانە لە لایەن نووسەرە مەزنەکانەوە شتێک نییە مەحکوم بکرێت. بەگوێرەی بۆچوونی کەسێکی کلاسیک هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوان نووسەرێکی خراپ، کە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەلەقیی دێڕی یەکەم

---

[١] ئەمەیان ڕستەی یەکەمی ڕۆمانی 'نامۆ'ی ئەلبێر کامۆیە.

[٢] ئەمەشیان یەکەم ڕستەی مارسێل پرۆستە، لە بەرگی یەکەمی کتێبی 'گەڕان بەدوای زەمەنی لەدەستچوودا.'

دەدزێتەوە و بلیمەتێک، کە پێشوازییەکی هاوشێوە بۆ وەرگرتنی هاوکێشەیەکی وەها دەکات، بوونی نییە. بۆ نووسەرێکی بلیمەت هێنانی وتەیەک چ نییە جگە لە فرتوفێڵێک بۆ دەربڕینی ئەندامێتیی خۆی لە کۆمەڵەی کەسە زەین باڵاکان، نەک قەڵغانێک، کە بێ ئەوە بوێریی ئەوەی نەبێت هێرشەکانی کتێبەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت. بە گشتی لە ئاستێکی دیاریکراوی بەرزدا نووسەرە مەزنەکان دەبنە یەک، ئەوان خۆیان بۆ چەند فیگەرێکی تایبەت لە یەک شت دەگۆڕن، کە ناوی ئەدەبیاتە. گولد جیهانی نووسەرە مەزنەکانی چەشنی جۆرێک لە گردبوونە لەسەر مێزێکی خڕ دەبینی، کە هەرپارچەیەکی هەموویەتی و هەمووی یەک پارچەیە. کەواتە لەم تێڕوانینەوە ئەوە گرنگ نییە کە یەکەم دێڕی فڵان نووسەری مەزن لە ڕاستیدا لە لایەن فیسار نووسرابێت: بە هەردوو باردا، ئەدەبە مەزنەکەیە. گریمانەی نووسەرێک دەمێنێتەوە کە **فڵانە** و لە سەرەتای کتێبە شاکارەکەی خۆیدا وتەیەکی هێناوە کە فیسار نووسەری خراپیش دێت ئەم شتە بۆ خۆی دەگوزایەتەوە، بەڵام ئەم ئایدیایە بە تەواوەتی بێزارکەر بوو و گولد نەیدەویست بیر لەمە بکاتەوە.

ـ لە ***لۆلیتا***دا، ڤلادیمیر ناباکۆڤ ئایدیایەکی زۆر ناوازەی هەبوو بۆ ئەوەی پێشوەخت دەقەکە بە شێوەیەکی باش دەرکەوێت، کە لە دەستپێکدا دەڵێت ئەمە لە لایەن پزیشکێکی خەیاڵییەوە نووسراوە، دکتۆر *ژۆن ڕای*. ئەمە ژیرانە بوو: کەس ئەو ئایدیایەی نەبوو داوای بەڵگەیەکی پزیشکی بکات کە بتوانێت ببێتە بەڵگەیەک بۆ تایبەتمەندیی ستایلە تایبەتەکان. پزیشکەکەی ئەو بۆ قەڵەمەکەی هەڵنابژێرن. هەروەها ناباکۆڤ لە قەلەقیی دەستپێکردن لەسەر "*ژۆن ڕای*" خۆی ڕزگار کرد و توانی بە ویژدانێکی ئارامەوە بنووسێت، بێ بوونی هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەک. ئەمە بە جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ خولقاندنی خۆی لەنێو دەستپێکی خۆیداو بەدانەپاڵی کەسێتیی نێو چیرۆک، کە ستایل بریتیی نەبوو لە نیگەرانی و قەلەقییە سەرەکییەکەی.

ـ بە کورتیی ئۆسکار وایڵد ڕێگایەکی ئەستەمی هەڵبژارد. ڕۆمانی "***وێنەکەی دورێن گرەی***" بە ڕاگەیاندروایکی چەخماخەئاسا دەست پێ کرد، بە شکۆیەکی نایەکسان، کە خوێنەر بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دەگەوزێنێت. ئەو لە دەستپێکی ئەم کتێبەدا وتبووی: «هونەرمەند ئافرێنەری جوانییە»، گولد تێگەیشت ئەم ڕستەیە بەشێکی سەرەکیی دەقەکە دروست دەکات و ئازایەتیی وایڵد بەرانبەر دوژمن لاواز نەبووە: ئەم ڕستەیە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وەک خۆرێک دەتەقێتەوە و ئەویش بە شێوەیەکی زۆر ستایشی دەکات.

ــ کێوی سیحراویی تۆماس مان، ئەمیشیان بە «ئامانج»ێکی درێژ دەست پێ دەکات، گولد سەبارەت بەمە گەیشتبووە چەند ئەنجامێکی هاوبەش: پێشەکییەکە هەر دەقەکەیە، تۆماس مان بە هەموو گورێکی خۆیەوە رووبەرووی هێرشی ئەم دڵەڕاوکێیە بووەتەوە، کە مافی چاوەڕوانیی ئەم پیاوە مەزنەت هەبێت.
رۆبێرت موزیل، جۆیز، فاکنەر، جۆن پۆیس، لاورێنس، ئۆرێل، سێلین، دوبلین، هەموویان ڕستەی یەکەمیان هەبووە، کە لەوپەڕی کەماڵدایە. گۆلد بەرەبەرە لەم گەڕانانەی پرسیاری میتۆدەکەی لە خۆی کردبوو: ئایا ئەمەیان زیاتر دادوەرانە بوو، یان ئەوەی کە زیاتر لەمیانەوە بازبازێنی بوو بۆ ئەویان، لە کاتێکدا دەیتوانی باوەڕ بە لێکۆڵینەوە لەسەر یەکێک لەم بلیماتە بهێنێت؟ ئایا چەند شتێکی خۆبەزلزانانەی گاڵتەجاڕ لێرەدا بوونی نییە کە تەنیا لێکۆڵینەوەی لەسەر کەسە مەزنەکان کردووە؟
ئەو ڕستانەی یەکەم کە لە کتێبە خراپەکان و ڕۆمانە بازارییەکانی دەردەهێنێت ڕەنگە بە شێوەیەکی زۆر واقیعیتر لەسەر وەلانانی ترسەکەی وریای بکەنەوە. کەواتە ئایا ئەو سەبارەت بە دانانی ڕستەی یەکەم بە بەراورد بە واڵسەر و ستێرن سەرکەوتوو بوو، ئەوێک، کە هەرگیز نەفرەتی لە نووسینی کتێبیک لە ئەنجامی نەبوونی توانا لە دەستپێکردن نەبوو؟ بۆ چەند ساتێک بیری لەم شتە کردەوە و وازی لەم ئەرگۆمێنتە هێنابوو. بە دڵنیاییەوە، ڕەنگە ئەو لە لێکۆڵینەوە لە ڕستە یەکەمەکانی ئەو بەرهەمانەی کە کەمتر شکۆمەند بوون زۆر خاکەڕا بووبیت تا ئەوانەی کە هێرشی دەکردە سەریان، بەڵام ئەو دژە پەروەردەیی و فێرکاریی بوو. ئەو دەیویست ئاشنای شێوەکارییەکی سەرکەوتوو لە کاتی تێرامان لە هێنری ماتیس بێت تا شێوەکارییەکی قۆڕ و ناشیرینی گوندی. ئەمە لۆژیکییە، هەر ئەمەشی بۆ ئەدەب دەویست.
هەر بۆیە، لێکۆڵینەوە لە ڕستە یەکەمەکانی ئەو ڕۆمانانەی وا حەزی لێ بوو بەو شێوە یارمەتیدەر نەبوون بۆی کە ئارەزووی کردبوو. ئەو بە هەستێکی نادیار چاوپۆشی لە خوێنەرەکانی کرد. هەندێ جار هەستی بە ئامادەبوون دەکرد، بە خۆی دەوت دواجار بەربەستەکە هیچ نییە جگە لە حاڵەتی دەروونی، کە وشەکانی یەکەم زۆر گرنگتر نین لەوانەی پاش خۆی. ئەمە پرسیارێک بوو سەبارەت بە بارودۆخی زەینی و ڕۆحی، ئەم شتە هیچ پەیوەندییەکی بە دەست پێ ڕانەگەیشتنێکی ساختەی ئۆنتۆلۆژیی ڕستەی ئەم پرسیارەوە نەبوو، بەڵام لە ساتەکانی تردا، ئەو بە خۆی وتبوو هەرگیز بەو شتە ناگات و سەرکەوتوو نابێت، چونکە ڕستەی یەکەم ئاژەڵێکی دڕەندەیە کە زۆر لە خۆی بەهێزترە، کە تەنیا نووسەرە مەزنە ڕاستەقینەکان توانای ئەوەیان هەبووە دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن. هەر بۆیە تووشی خەمۆکی هات و

پەنای بردە بەر بێعاری و گاڵتەجاڕی، دەستی کردبوو بە بیرکردنەوە لە بەکارهێنانێکی ناڕەوا و لاساییکردنەوەی ئەدەبی گاڵتەئامێز(چەند شتێکی خستە ڕوو، وەک: «ئەمڕۆ، دایکم مرد و ئەم شتە ڕێگریی ئەوەی لێنەکردم زوو بڕۆمە سەر جێ بۆ خەوتن.»). داڕووخا، هەستی بەوە کردبوو باشترین ڕستەی یەکەم، ئەوە بوو کە ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر بەدوایدا گەڕاوە، لاقرتیکردن هاوشێوەی مراوییەکی هەڵەوهەرزە. زاڵمانە و کینەییانە، ئەم ڕستە ئەو هەستەی تێدا چێ کردبوو، کە لە چ لایەنێکەوە ئەو نووسەرێکی مامناوەند و خراپ بووە و شیاوی نووسەرە مەزنەکان نییە. پاشان ئەو نەیتوانیبوو بەرگەی ئەو گۆشەنیگایە بگرێت لە نووسینی ئەو سەرەتا ئەسەفبارە، بۆیە ئەم شتە وای لەو کرد هەست بکات بارۆدۆخەکە نائۆمێدکەرە.
ئایدیایەکی بۆ هات، زۆرباشە. نەتوانین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بەربەستە و بازدان بەسەریدا. ئایا ئەو لە دۆزینەوەی ڕستە ئایدیاڵەکەی سەرکەوتوو بوو؟ یان! ئەو دەست دەکات بە ڕستەی دووەم. بە تاولەرزەوە، قەڵەمەکەی هەڵگرتبوو و نووسی بووی: «(...)هۆکارەکەی ئەمە بوو کە من لێرەدا چەقی بووم.» هێوربوونەوەیەکی زۆری بۆ هات. ئەو تاشەبەردەی کە بۆڕییە زەینییەکانی گرتبوو، لاچوو. گولد دەستی بە نووسینی کتێبەکەی کردبوو، کتێبێک کە بە نووسینی دووەم دێڕ دەست پێ کرابوو. ئەو لەم ڕستەیە ڕامابوو، بەوپەڕی ڕازیبوونەوە پڕکرابووەوە. زۆر گورج، سەرنجی دابوو گرفتێک هەیە. ڕاستییەکەی ئەم شتەش زۆر سادە بوو: ڕەنگە ئەو خوێنەرەی کە *ڕاستەوخۆ* لە ڕستەی دووەمەوە دەست دەکات بە کتێبەکەی ئاگاداری ئەوە نەبێت ئەمە یەکەم ڕستە نییە. ئەگەر گولد توانیبووی ئەم ڕستەیە بنووسێت، لەبەر ئەوە بووە خۆی زانیوویەتی ئەمە ڕستەی یەکەم نەبووە و ئەم ڕستەیە نەیتوانیووە بەرەو کەماڵ هەنگاو هەڵێنێ.
ئەگەر وەک یەکەم ڕستە لەوە تێبگەشتایە، ڕەنگە پەیجووری دەستەواژەیەکی زۆر ناسکتر با، وازی لە گەڕانی ئەو هەموو ڕۆژە بەدوایەکانە بهێنایە بەدوای فۆرمێکی ئایدیاڵ. پێشبینی بۆنەکرانی سەرنجدانی خوێنەر ئایدیاکەی کاول کردبوو: ئەگەر خوێنەر، ڕستەی دووەمی لە باتیی ڕستەی یەکەم لێ تێکچووبا ئەوە گولد هەرگیز نەیدەتوانی بنووسێت. هەر بۆیە بیری لەوە کردبووەوە لە سەرەوەی کتێبەکە ئەو تێبینییە بنووسێت و شی بکاتەوە کە ڕستەی یەکەم ڕستەی دووەم بووە. بە داخەوە ئەمە تەنیا جێگۆڕکێی بە کێشەکە کردبوو، ئینجا ئەم تێبینییە دەبووە ناوەڕۆکی یەکەم ڕستەی واقیعی کتێبەکە، کە ڕەنگە ئەو نەیتوانیبا لە نووسینی سەرکەوتوو بێت.
ئەو حاڵی باش نەبوو. لەرزی پێ کەتبوو، هێشتا ئایدیایەکی ڕادیکاڵی هەبوو. پاشان ڕستەی یەکەمی خستە نێو کەوانەوە و وازی لەو بڕوایە هێنا کە

ڕستەی دووەم یەکەمە، هەروەها ڕستەی دووەمیشی خستە نێو کەوانەوە. ڕستەی سێیەم دەبووە یەکەم: ئەویشی خستە نێو کەوانەوە، هەروەها چوارەم و پێنجەمیش کاتێک نۆرەی ئەوانیش هات. بەوپەڕی خرۆشەوە، گولد بێوچان دەستیکردبوو بە نووسینی سێ پەڕەگرافی کتێبەکەی: «(...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...) (...)». بۆ دواجار شەو و ڕۆژ بۆ تەواوکردنی کتێبەکەی گرنگ نەبوو. سەرمەست لە بەخۆدانازین، پێش ئەوەی بە تەواوەتی لە پەلوپۆ بکەوێت دووجار خوێندییەوە. گولد ببوو بە نووسەری ڕۆمانێک کە غیابی ڕستەی یەکەمی نەبوایە هەرگیز نەدەنووسرا. پاش چەند ساڵێک، گولد بە سەر ترسە پانیکەکەی سەبارەت بە ڕستەی یەکەم زاڵبووو چەند کتێبێکی باشی نووسی. هاوکات ئەو بوو بە نووسەرێکی ڕێزلێنراو و لە هەموو ئەوروپا ناوبانگی هەبوو. لە کۆتایی تەمەنیدا بیرەوەرییەکانی نووسی. ئەمەیان دواکتێبی بوو، ئەمەیانی بە زمانێکی ڕوون و سروشتی نووسی. لەم کتێبەدا بە گاڵتەوە باس لەو قەلەقییە پووچە دەکات، کە لە تەمەنی لاوییدا هەیبووە و بە شێوەیەکی کاتی بەهرە ئەدەبییەکانی بلۆک کردبوو. وشەکان بۆ ئەو لە ڕێگای سیحرەوە دەگەن. پاش کۆتاییی چەند هەفتەیەکی زۆر لە چێژی ئافرێنەری، بڕیاریدا کۆتایی پێ بێنت. ئینجا لێرەش زۆرجار قوربانی دەستی قەلەقی و نیگەرانی بوو: گومانی دەکرد، لە پێشکەوتن وەستا و ئەو متمانە جوانەی لە دەست دا. زۆر لەوە پیرتر بوو هیوایەی نووسینی کتێبێکی تر بخوازێ، دەیزانی ئەو وشانەی ئێستا دەینووسین دەبنە دوا وشەکانی. دوا ڕستەی کتێبەکەی دەبوو بە دوا ڕستەی ژیانی، دەبوونە دوا ژێستی ئەدەبی، جۆرێک لە وەسیەتنامە. دەبوو چەند شتێکی نەمری نووسیبا، ئەم پێویستییەش خەوی لە چاوی تاراندبوو. گولد لەوە دەترسا پێش مردنی نەتوانێت دوا ڕستەی باش و ناوازە بدۆزێتەوە. ئەمە بۆ ئەو ئەشکەنجەیەکی ڕاستەقینە بوو. بە زوویی هەستی بەوە دەکرد دوا گوڕوتینەکانی نامێنێت، تەرکیزی نامێنێت و بە لاڵەپەتیی تووڕەییەوە، لەسەر کاغەزەکەی نووسی: «(...)» لەم ساتەدا لە دوا پەڕەی کتێبەکەی ڕوانی و تێگەیشت شاردنەوەی دوا ڕستەی بەس نییە، چونکە ئەوەی **پێش ـ کۆتایی** دەبێتە کۆتایی. هەر بۆیە ئەوەی **پێش ـ کۆتایی** شاردەوە، هەروەها ئەوەی پێش، پێش کۆتاییش. ئەوانەی پێشووش. ئەوانەی پێش پێشووش. بەرەبەرە، گولد لە چەند کاتژمێرێکدا پێنسەت پەڕەی بیرەوەرییەکەی شاردەوە، ئەمەش لە ئەنجامی شکستهێنانی بۆ کۆتاییهێنان بە دوا ڕستەی شاز و ناوازەدا. ئەو ببووە نووسەری کتێبێک کە، لەبەر نامومکین بوونی دوا ڕستەی شازی، تەواوی نەکردبوو و هیچ دەستی پێ نەکردبوو. کەواتە دوا ڕستەی ئەم بەرهەمەی، ئەوەی کتێبەکەی پێشووی بوو: ئەو بە

قەلەقییەوە پێداچوونەوەیەکی بە ڕستەکەدا کرد و بە خۆی وت، بە دڵنیاییەوە ناتوانێت مالاوایی لە ئەدەب بکات. کەواتە ئەم ڕستەیەشی شاردەوە، هەروەها ئەوانەی پێش ئەمەش. کتێبی پێش ـ کۆتاییشی هەر بە هۆی ترس لە وشەکانی کۆتایی، لە کۆتاییەوە بەرەو سەرەتا بەم شێوەیە لێکرد. شڵەژابوو، گولد خۆی بەسەر کتێبەکانیدا دا و هەموویانی بە پێچەوانەوە [لە کۆتاییەوە بەرەو سەرەتا] سڕییەوە. لە کاتێکدا خەریکی شاردنەوەی[نانووسینەوەی] دووەم ڕۆمانی بوو دڵی لە لێدان کەوت. بەرهەمێکی بە تەواونەکراویی هێشتبووەوە. نەک لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی تەواوی نەکردبوو، بەڵکوو لەبەر نەمانی کات تاوەکوو بە تەواوەتی هەمووی لەنێو ببات.

تێبینی:

**بێرنارد کیرینی لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٨لە شاری باستۆن لە بەلژیکا، زمانی ئاخاوتنی ئەم شارە فەرەنسییە. ئەو ئێستا لە زانکۆی بورگوین لە فەرەنسا مامۆستای فەلسەفەیە. سەرەتای چیرۆکنووسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ و ئەم چیرۆکەی وا لە بەردەستی ئێوەدا، یەکەم چیرۆکی ئەو کۆچیرۆکەیە کە لەو ساڵەدا بە ناونیشانی 'قەلەقیی یەکەم دێڕ'، بڵاوی کردەوە، کە هەر لەو ساڵەدا خەلاتی نووسەرانی لاوی بۆ چیرۆکنووسین وەرگرت.**

***ئەم چیرۆکە پێشتر لە ژمارە ٦ی گۆڤاری ئیلیان لە هاوینی ساڵی ٢٠١٧ بڵاوبووەتەوە**

**سەرچاوە:**

BERNARD QUIRINY, ***L'ANGOISSE DE LA PREMIÈRE PHRASE***, Éditions Phébus. Paris. 2005.